سلەمانی... نرخی کارەبای موللیدە ئەهلییەکان بە مانگی یەک دیاریکرا



ئەمە دووشەممە،بەووەبەرایەتی گشتی کارەبای سلەمانی ڕایگەیاند، نرخی هەر کاتژمێرێک کارەبای موللیدە بە یەک ئەمپێر لە گەڕەکەکانی سلەمانی لە نێوان 15 بە 16 هەزار دیناردا دەبڕێت.

بەووەبەرایەتی گشتی کارەبای سلەمانی لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لیژنەی دیاریکردنی نرخی موەلیدە ئەهلییەکان کۆبوونەوە و بەپێی نرخی سوتەمەنی لە بازاڕەکاندا نرخی هەر کاتژمێرێک کارەبای موللیدە بە یەک ئەمپێر (44) دینار،ە بەمەش نرخی یەک ئەمپێر کارەبای موەلیدەی ئەهلی گەڕەکەکان لە ناوشاری سلەمانی لەنێوان 15 بە 16 هەزار دیناردا دەبڕێت.

ئاماژەی بەوەشکردوە، بۆ پێیی موللیدەکان لێ نێوان (340 بە 360) کاتژمێر کاریان کردوە، بەهۆی جیاوازی کارکردنیان نرخی ئەمپێرێک لە گەڕەکێک بە گەڕەکێکی دیکەی جیاواز دەبڕێت.

سەبارەت بە ئەو موللیدانەی کە بڕنامەی کارکردنیان لەسەر داوای هاوڵاتیان لە شوێنکانی تر زیاترە

و لە 7:00ی بەیانی بۆ 1:00ی شەو کاردەکەن نرخی ئەمپێرێک لە نێوان 18 بۆ 19 هەزار دینارە.

خشتەی کارپێکردنی موەلیدەیە بۆ مانگی شوبات بەمشێوەیە دێبێت:

ڕۆژانە لەکاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ تا 1:00ی شەو کاردەکەن.

کاتژمێر 1:00ی شەو دەکوژێتەوە تا 6:30ی بەیانی.

کاتژمێر 6:30ی بەیانی تا 8:00ی بەیانی کاردەکەن.

لێژنەی دیاریکردنی نرخی موەلیدەیە ئەهلییەکان، دەڵێت، کەلەکاتی کوژاندنەوەی کارەبای نیشتیمانی نابێت کارپێکردنی موەلیدەیە و پێدانی کارەبا بەهاوڵاتیان لە (5) خولەك زیاتر بخایەنێت، بەپێچەوانەوە خاوەن موەلیدەکە سزادەدرێت.